لە چلەی :

# کۆچی ئافرەتێکی تێکۆشەرو خۆراگرو ورە بەرزدا

**ئەحمەد رەجەب**

نەتەوەی کورد لە مێژەوە دووچاری راونان و کۆچ و داپلۆسین بووەو، دەسەلاتداران و حکومەتە کۆنە پەرست و دیکتاتۆرییەکان بە هەموو شێوەیەکی درندانە و دوور لە مۆرالی مرۆڤایەتی هەوڵیان داوە بۆ لەناو بردنی ئەم نەتەوە خەباتگێرە و، بۆ ئەنجامدانی کارە چەپەڵەکانیان هەموو ئامرازێکی تۆقینەرو کوشندەیان بەکار هێناوە.

بە هۆی بارو دۆخی ئاڵۆوی سیاسی لە عێراقدا و لە کاتی رژێمی خوێنرێژی بەغدا، پیاوانی سیخورو دەزگاکانی پۆلیس و ئەمن وموخابەرات هەمیشە هەوڵ و تەقالایان دەدا بۆ ئەوەی خەڵکی سڤیل و بێگوناهی کوردستان بەرەو زیندان راپێچ بکەن و، یان بەرە و بیابان و شارە دوورەکانی عێراق دووریان بخەنەوە و، بۆ ئەوەی هیچ جۆرە کۆنتاکێکیان لە گەڵ رۆڵەی گەلەکەیان نەمێنێت و، وایان دەزانی بەو کردەوە دێزو بێڤەرانە حکومەتە لەرزۆکەکانیان دەپارێزن.

یەکێك لەو ئافرەتە تێکۆشەرو سەربەرزو وخاوەن ورە و خۆراگری گەلەکەمان مامۆستا ئامینە قادر عەبدوللا بوو، کە لە رۆژی 2007/7/30 د لە شاری ئیسکلیستوونای سوید کۆچی دوایی کرد.

ئامینە قادر عەبدوولا لە 1944/5/10 لە خێزانێکی نیشتمانپەروەرو جوتیار لە دێی (باخ) ی نزیك بەداری کەلی سەر بە ناحییەی بازیان چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

هەموو لایەك دەزانی ئەو ناوچەیە شوێن وکانگای خەباتی سیاسی و چەکدا ری یەکەمین مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید بووە و، باوك ومامی ئامینە (قادرو نادر) عەبدوللا ناسراون بە قالە باخی و، نالە باخی لە پیاوە ناودارو هەرە نزیکەکانی شێخی گەورە بوون و،لە رۆژانی رەشدا بەشداریان لە هێزی شێخ مەحمود و ناوچەکەدا کردووە.

باوکیان کۆچی دوایی دەکا و ئامینە و 6 برا و 2 خوشکی تری ( فاتمەی ژنی پیشمەرگە و هاوریی دیرینی حزبی شیوعی عێراق عەریف مەجید فەرەج و، ماموستا شیرینی خوشکی) و براکانی لەسەنگەری گەلەکەیان وخەباتی چینە هەژارەکەیان دەمیننەوە و، لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان لەکاتی رژیمی پاشایەتی و کۆماری و دیکتاتۆریدا پەرە بە تێکۆشان دەدەن.

ئامینە قادر عەبدوللا قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندی ودوواناوندی لە سلیمانی تەواو دەکات و پاشان دەچێتە خانەی ماموستایان(دار المعلمات) و لە 1967دا کۆتایی بە خوێندن دەهێنێت و یەکسەر بۆ ماوەی 3 ساڵ دەبێتە ماموستا لە قوتابخانەی ماوەت.

لە حوزیرانی 1971 ژیانی خیزانداری خۆی لەگەڵ هاوری ابراهیمی سۆفی مەحمود وەك کەسایەتیەکی شیوعی و پیشمەرگەو کادری ناسراو بە(کاکەحەمەی پیکدینن، ولە ماوەیەکی کورتدا جیگای خۆی لای زۆربەی هاورییان وماڵ ئاوایی ـ ناوچەی قەرەداغ و شارەزور) وکارمەندی دارایی ناحیەی شارەزور وکەسایەتی و خزمانی هەڵەبجەو شارەزور وعەربەت وسلیمانی دەکاتەوە ، پاشان تاارای نوبەرەیان لە دایك دەبیٚ .

لەو کاتانەدا هەوڵێکی نابەجێی دوژمنانی حزب بۆ لە ناو بردن و تیرۆر کردنی هاوریٚ ابراهیمی هاوسەری لە پێش دەرگای ماڵەکەیان لە شارۆچکەی سەید صادق دەدرێت و، دەبێتە هۆی شەهید کردنی پێشمەرگەی بە وەفاو لێهاتووی حزب (مام دەرویش مەحمودی گرێژەیی) و، دوواتریش باری ناوچەکە تێکدەچی و، دامودەزگاکانی میری و سوپا لە تەواوی دەڤەرەکەو قەزای هەڵەبجە و پێنجوێن و شارەزور دەکشێنەوەو، ئامینەی مامۆستا و خێزانەکەی دێنە سلیمانی و لەویٚ نیشتەجی دەبن و، لەو کاتانەشدا نەورۆزی کوریان لە دایك دەبێت.

پاش ماوەیەك بۆ ئەنجامدانی کاروباری سیاسی هاوسەرەکەی هاوریً ابراهیم سۆفی بەرەوشاری هەولێر دەگوێزنەوە ، ئامینە خان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر لە مامۆستایی خۆی بەردەوام دەبیٚ و، لەویٚ ئارامی کوریان چاو بۆ ژیان دەکاتەوە.

بەشدارییەکی چالاکانەی کۆمەلایەتی لە گەڵ مامۆستایانی هەولێرو کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان دەکات و، هەروا بەشداری ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی نەتەوایەتی ویادی کۆماری کوردستان و یادی دامەزراندنی حزب و رۆژی شەهیدی شیوعی و جەژنی 8 مارت، جەژنی ئافرەتانی جیهان لە گەڵ بارەگای کۆمیتەی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی پاریزگای هەولیری حزبی شیوعی عێراق لە ناو شارو بەستۆرەو باخەکانی ئەسکی کەڵەك و دیری مەسیحییەکان نزیکی عەینکاواو باخەکانی شەقلاوە دەکات.

وەك هەموو دایکانی تێکۆشەرو وخێزانی هاوڕێیانی خەباتگێر، مامۆستا ئامینە بە بۆنەی هاوریً ابراهیمی هاوسەری بەر شالاوی گرتن و بانگ کردن لە لایەن

بەرێوەبەرایەتی ئەمن و بەعسییەكانی شاری هەولێر دەكەوێت و، فشاری دەخەنەسەر بۆ ئیمزا كردن و، بەلام چەند هەولْ دەدەن رووزەردییان بۆ دەمێنێتەوە.

لە سالانی 1977 ـ 1979 رژێمی دیكتاتۆری شالاوێكی راونان و گرتن دژ بە حزبی شیوعی عێراق و هاوڕێ و دۆستانی دەست پێدەكات و، دیسانەوە دەستدەكەن بە هەرەشەو راگواستنی خەلْكی بە شەرەف و كۆلْنەدەرو دوورخستنەوەیان و، شەپۆلی ئەو شالاوە درندانەیەگشت قوتابخانەو دامودەزگاكان و شارەكان دەگرێتەوەو،لە ئەنجامدا دەیان هەزار دەگیرێن و، هەزاران هەلْدێ بۆ شاخەكانی كوردستان و، مەبەستی سەرەكی رژێم ئەوە بوو كە رێرەوی حزبی شیوعی بوەستێنێ و، رۆلْەكانی گەلی كوردستان لە تێكۆشان دوور بخەنەوە.ئەو كردەوە نا مرۆڤانەیە بووە هۆیْ راكردنی جەماوەری خەلْك لە سەرانسەری عێراق و كوردستان و، رۆژانە عەرب و تورك و كلدوئاشوری وتویژەكانی تر پۆل پۆل پەیوەندییان بە هێزی چەكدارییەوە دەكردو، دەبوونە پێشمەرگەو، ناوچەكانی تۆژەلْەو زەلْیی و قاسمە رەش و نۆكان و شۆێنەكانی تر پر بوون لە پێشمەرگەی لایەنەكان . لە ئەنجامدا پەل و، لق و، بەتالیۆن و، مەلْبەندەكانی هیزی پیشمەرگەی حزبی شیوعیش دروست بوون و، كەوتنە بەربەرەكانی هێزە خۆێنرێژەكانی رژێم.

مامۆستا ئامینە قادر عەبدوللا بە وەرەی بەرزەوە بۆ خۆیْ و گەلەكەی سەربەرزی و رێزی تۆمار كردو، هیچ جۆرە ئیمزایەكی بۆ دەزگاكانی ئەمن و بەعسییان نە كردووە و، لە كاتی ئەو تەوژم و شالاوە مالْەكەی جارێكی تر بۆ سلیمانی گواستەوەو، توانی لە ناو خزم و دۆستاندا جێی خۆیْ و منالْەكانی بكاتەوەو، هاوسەرەكەی هاوریْ ابراهیم دەستی لە كارەكەی وەك ئەندامێكی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتونومی كوردستان كیشایەوەو، خۆیْ گەیاندە بنكەی سەركردایەتی حزب.

مامۆستا ئامینە بەردەوام ناوە ناوە راپێچی دەزگای ئەمن دەكراو هەرەشەی زۆریان بەرامبەری دەنواند بۆ ئەوەی بیترسێنن و هەولْ بدات هاوری برایمی هاوسەری بهینیتەوە، بەلام ئەو بە وورەیەكی بەرزەوە ، خۆراگرانە وەك زۆر ژنە تێكۆشەری تری شارو نیشتمان،شیرانە و بە هیزی میشك و ویژدان ودلْسوزی بۆ خۆی ومنالْەكانی وپەروەردەكردنیان و، داكۆكی كردن لە هەلْویستی میردەكەی وپاراستنی ناوو كەسایەتی كەسوكارەكەیان بەر پەرچیانی دەدایەوەو، بە هیچ شێوەیەك بەلْێنی بە پیاوانی رژێم نەدەداو، هەر بۆیە سزایەكی تری دیكتاتوریيان بە سەردا سە پاندو گواستیانەوە بۆ دائیرەكانی تر لە خوارووی عێراق..

- پاش 12 سالْ ماموستایی قوتابخانە سەرەتاییەكان، گواسترایەوە بۆ سەر میلاكی{ وزاره الصناعه والتصنیع العسكری} وبۆ {معمل سمنت السماوه } وەك فەرمانبەریك دانرا. پیشتر ئەو ناوچانەی نەدیبوو، بیْ ناسینی كەسێك، و دوور لە مندالْەكانی و گەرمای بیابان و ناوەراستی عێراقیش زانراوە چۆنە، جگە لە باری دەروونی ووەك ژنە ماموستایەك ،بەلاْم بەهێزی كەسایەتی خۆی و نارەوایی ئەو رژێم وسیستەمە لەلایەك و بۆوونی پیاوچاكانی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەلْویستی وەك (مالْی ماموستایان ابو سوزان ، ئەبوفەرهاد ، ئەبوجبار، و..هتد لە شاری سەماوەدا) كە بوونە كەسوكاروئاسانكەری مەترسیەكان وچاوكردنەوە..خەمەكان سووكتركران،ئەوكات نەخۆشكەوتن و رۆلْی دكتور دارا توفیقی نەمر لەویداو یارمەتیدانی بە ئیجازە دان.. دەگەریتەوە لای منالەكانی ویەكسەر دەگاتە لای هاوری ابراهیمی هاوسەری لە ناوچەی شارباژێر لەگەلْ كەسوكاری هاوری جلال علی دەولْەتدا و لەویْ هەموو بەیەك شاد دەبنەوەو دەگەریتەوە بۆ السماوە، تا سەر لە نوێ دەگواستریتەوە بۆ كارخانەی چیمەنتوی سلیمانی و، لەویْ تا راپەرینە شكۆدارەكەی 1991 دەمێنێتەوە..

لە رەوە ملیونیەكەدا لە گەلْ گشت كەسوكاردا دەگەنە ئیران و كەسوكاری دلْسۆزی ئەویش باوەشی رێزو كۆمەك وخزمەتیان بۆ زیاتر لە سالیك بۆ دابین دەكەن و پاشان بە ریگای دەزگاكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و مانگی سووری جیهانیدا بە خیزانەوە دەگەنە سوید و لە گەلْ هاوری برایمی هاوسەر وباوكی مندالاْن یەكدگرنەوە .

- لیرەدا : وەك وتویانە"لەپشت هەر پیاوێكی لیهاتوو گەورەوە ئافرەتیك دەوەستی". بەهەق لە كۆمەلْگای كوردستان وعیراقیشدا زۆرلەو ئافرەتانە هەن، مخابن ماف و رێزی شیاویان زۆر كەم تۆمار و بەرچاو دەگیرێت ، مامۆستا ئامینەش بە بەشی خۆی لەو بوارەدا رۆلْی كارامەی بووەو، هەمیشە سەر بەرزو پایە بلْند بووەو، بە هیچ جۆرێك سەری بۆ دوژمن نەوی نەكردووە.

هاوریْ أبراهیمی هاوسەری ( دایكی تارا ) ی نەمر، لە كۆتایی 1978وە دەچیێتەوە شاخ و هەتا شوباتی 1992} ،

(( پیشتریش لە شۆرشی ئەیلول دا ـ 1963 تا 1969 لە گەلْ یەكەمین خیزانی ومنالْەكانیەوە (كورێك و دوو كچ) لە ناوچەی قەرداغ وشارەزور ناسراو بوو بە ( كاكەحەمەی ئاوایی )) كادر وپیشمەرگەی شاخ بووە ))،بەلاْم دایكی تارا وەك دایك و خاوەن مندالْ لە شاردا و، وەك ماموستای قوتابخانە و فەرمانبەری كارخانە، وەك ژنە پیشمەرگەو خاوەن هەلْویستی نیشتمانی وئازادی ودیموكرا تخواز ، بە هاوكارییەكی گەورەی كەسوكارە مەردەكانی هەردوو بەشی دایك و باوكەكە واتە ( 3 مندالْی خۆی لای خۆی}و {3 مندالەكەی تری هاوری برایم لە ژنی پێشووی لە مالْی سۆفی مەحمودی باوكی و وەستا ئەحمەدی مامیان)، بە ناو دونیای خەم وترس و هەرەشەی بەردەوامی دەزگا سەركوتكەرەكاندا كە هەزاران كاری خراپەو جانەوەرییان لە سلیمانی ونیشتمانەكەدا ئە نجام دەدا و،لە سالْانی جەنگی نارەوای عیراق و ئیران و رەنگدانەوەكانیدا ..شە پولەكانی تیرباران ولە سیدارەدانی رۆلْەكانی گەلْ و سوتاندن وویرانكردنی دیهات وشارو شارۆچكەكان و،لە قۆناغەكانی دواتریشدا : كیمیایی بارانكردنی شاری هەلەبجەی شەهید ( و زۆر شوینی تریش) كە بەشێكی زۆری بنەمالْەكەی هاوری

برايمی تيدابوه و له رووداوەكانی 15و16و17 مانگی 3 ی 1988و دواتريش بوونی پۆزەتيڤانەی وەستا ئەحمەدی سۆفی مەحمود برای هاوڕێ ابراهيم و گوران وژيانی ابراهيمی سۆفی ديار و بەرچاون ..

- له 992 تا 30-07-2007 يش لەولآتی سويد وسالآنی ژيان له هەندەران ودونيای نويی له هەندی لايەنەوەو دوور له كەسوكارەكانی هەموو تەمەن، بە چەندان شيوەيەوە، له لايەك پابەندبوون بە ئەركەكانی نيشتمانی و كوردستانی و وەفا بە كەسوكار ، بە قوربانيانی ئەنفال وكيميايی بارانەكانی هەلەبجەو ناوچەكانی تر و نالەو هاواری چەندان سالەی خەلكان بۆ بەدەنگەوه هاتنيان و يارمەتيدانيان و...هتد هەولدان بۆ هاوكاری كۆمەلەی كوردستانی شاری ئيسكلستونا و فيدراسيونی كۆمەلەكوردستانيەكانی ولآتی سويد وتيكەلبوون له گەلً خۆپيشاندانەكانی ئەو خەلكانەدا دژ بە دەيان جارەی لەشكركەشی سوپای توركيا و ئيران بۆ ناو خاكی كوردستان وهەرەشەكانی تری ، كۆكۆدنەوەی يارمەتی بۆ قوربانيانی هەلەبجەی شەهيد و بيناكردنی قوتابخانەيەكی گەوره لەشاروچكەی خەلەكان و..بەشداری له چالاكييەكانيان كه بە هاوكاری كۆميتەی هاوكاری حزبە كوردو كوردستانيەكان له ولآتی سويد كه ئەوكات 23 لايەن بوون و ناو بەناوه كەميان كرد تا وەختيك بوه 12 و 15 لايەن ورۆلێكی شياويان بە فيدراسيونەوه دەگێڕا بەقازانجی پارچەكانی كوردستان و ريسواكردنی كرداره ناڕەواكانی رژيمەكان .

مامۆستا ئامينه رۆلی پيگەياندنی كوڕ وكچەكانی بۆ وەرگرتنی شهادەی خويندن و، هەروا بۆ شووكردنی كچەكان وژن هينانی كورەكان بينيوه و، ئامۆژگارييەكانی جيی خۆيان له ناخی كوران و كچان گرتووه.

- هەر له سالی 1994 ەوه بە يارمەتی دانی دايكی تارا و كۆمەكی مادی ،خەرجی گەڕانەوەكانی سەردانەوەكانی هاوری ابراهيم بۆ كوردستان هەر جارەی بۆ ماوەيەكی كورت، بۆ لای حزب وخزم وكەسوكار.. و له كانونی يەكەمی 2004 وه گەرانەوەی بۆ ماوەی درێژتر . وله هاتنەوەی ناوبەناوی بۆ لايان بۆ سويد بەرێوه چووه.

دايكی تارا له 2001 تا 2004 لەگەل نەخۆشيەكەی پيكەوه ژياون و، جگە له دكتورو خستەخانەی سويدی ، گەرانەوەی ئامينه بۆ لای دكتوره پسپورەكانی سليمانی و ديمەشق و، پاشان چوون بۆ لای شيرينی خوشكی بۆ ئەلمانياو دكتورەكانی ئەويش بيسوود بوون و..رۆژ بە رۆژ هيلاك تر دەبوو، له كاركردن دوور دەكەوتەوه و پاشان كەوتنە سەر جيگا له سالانی ئەم دوواييەدا ، دريژەی كيشا و ئامراز و درمانەكان بوونە چەندان و ورەی بەرز و هيزی ميشك وزيندويی ئامينه تا دووا هەفتەكانی پيش كۆچكردن هەر بە پلەيەكی باش بوون. ئەو ململانی كردنە چەندان شيوەيە لەگەل نەخۆشی ئا ئيل ئيس دا هينايە ئەوەی كه پزيشەكانی ئەم 2سالەی دوايی خستيبويانە پيش چاومان .

دايكی تارا خۆی نووسيويەتی : شانازی دەكەم كه دايكيكی سەركەوتوو بوم له بەخيوكردن وپيگەياندنی 3منالەكەمدا و،له پێش كۆچكردنی بە ماوەيەكی كورت،داوای ليبوردنی له 3 "كچ وكورەكە"ی تری خيزانەكەی دەكات لەوەی بووەو روويداوه..

ئەحمەد رەجەب 9-9-2007